# چی لە پشت هەڵەشە یی هەڵوێستەناسازەکانی شیعەکانەوەیە



محمد حسين
hamah@maktoom.com

دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکەی 2005/1/31 هاوسەنگی بەشداری کردنی شیعەو سونەی عارەبی عێراقی تێکدا لەبەڕێوبردنی حکومەتدا .ئەمریکاو زۆرهێزی تری ناوەو دەرەوەی عیراق مەترسی ڕەوشەکەیان هەست پێکرد , ئەوەبوو قسەکردن لەسەر پێویستی بەشداری کردنی سونەکان لەحکومەتی هەڵبژێردراوی عێراقدا بووە جێگەی کۆدەنگی هەموولایەک «بەشیعەکانیشەوە » .هەربۆیە داوای بەشداریەکی چالاکانەی سونەکان لەپرۆسەی سیاسی دوای هەڵبژاردنەکاندا بووە داوای هەمووو لایەک , ئەو هۆکارانەیش کەکرابووە پاساوی داواکاریەکی وەها زۆربون بەلاّم دیارترینیان : ترس بوو لەدروستبونی شەڕی ئەهلی نێوان شیعەو سونەو , زیاتر ئامێزان بوونی خەڵکی سیّ گۆشەی سونە لەگەلّ هێزە ئیسلامیە توندڕەوەکانی ئەو ناوچانەو , ترسان لەکۆنترۆلّ کردنی گۆڕەپانی سیاسی عیراق لەلایەن ئەو هیزە شیعانەی کەبە دۆستی ئێران ناسراون ...بەلاّم مەترسی تاك ڕەوی شیعەکان ومانەوەیان لەگۆڕەپانەکەدا بەبیّ ڕکابەر {مونافس } مەرتسیەکە کاتی ئەوە هاتووە ترسی کورد جیابکاتەوە لەترسی هەمولایەنەکانی تر.ئەوکاتەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکە ڕاگەیەنرا هیچ کەناڵێکی ڕأگەیاندنی کوردی ئاوڕی لەم مەترسیە نەدایەوە بەهۆی سەرقاڵییان بەوردەکاریەکانی دروستبونی ئەو هاوپەیمانیانەی ئەوکات لەیەر گفتوگۆدابوو , بەلاّم هەڵوێستی سەرکردەکانی لیستی هاوپەیمانی شیعەکان دەریخست ئەمانەیش برێکی زۆر مەترسیان لەگەلّ خۆیانادا هەڵگرتووە بەهۆی ئەو هەژمونەی لەعێراقی نوێدا دروستیان کردووە .

هەرکاتێك عارەبی عیراق یەك هێزو گەمەکەری بەهێزی نوێنەری زۆرینەی هەبوو وەك ئەمڕۆی لیستی شیعەکان ئەوکات کوردئەکەوێتە بەردەم ڕکابەرێکی بەهێزەوە , پێچەوانەکەیشی گەر دابەشبن بەسەر دووڕەوتی شیعەو سونە وەك درێژبونەوەی دابەش بونە مێژووی و مەزهەبیەکەیان لانی کەم کورد لەوە دەرئەچێت ڕکابەرێکی لاواز بێت بەرامبەریان . هەندێك دەنگی ناو ڕۆشنبیری کوردی هەیە بەهەڵە دەکەونە دژایەتی قبولّ کردنی ئەو پۆلێنکردنەی کەعیراق ئەکاتە سیّ بەشەوە ,بەڵکو ئەڵین عیراق هەر بۆ دووبەشی کوردو عەرەب پۆلێن دەکرێت و بەحسابی خۆیان بەمە پێگەی کورد لەعیراقدا بەهێز تر ئەبێتەوە . دیارە ئەم نەزانینە بەرلەهەمووشت کۆمەڵێك ڕاستی هێز فەرامۆش ئەکات لەزەمینە واقعیەکەدا , پارچە بونی عیراقی عەرەبی بۆدووبەش کەخۆی لەڕاستیدا دوو ڕەوشی سیاسی وئاسایشی جیاوازیشیان هەیە بۆکورد لاوازبونی ڕکابەرەکانی بەغدادیەتی , جگەلەوەی کورد لەم دابەشبونە هیچ بەرژەوەندیەکی نادۆڕێنێت , لەوانەیە ڕۆژانی داهاتویەکی نزیك وسەرەڕۆی و تاکرەوی شیعەکان چاکتر دەرفەتی بینینی ئەم

گرفتانەمان بداتی , لەکاتێکدا ئەوەی ئەمڕۆ دەیبینین یەکبون و هاوهەڵوێستی شیعەو سونە نیە ئەوەندی کە پاشەکشەی سونەو کۆنترۆڵکردنی گۆڕەپانەکەیە لەلایەن شیعەکانەوە .

هەڵوێستە ناسازەکانی ئەم دواییەی حکومەتەکەی د. جەعفەری بەرامبەر کێشەی ئەو کوردانەی لەنێو هێزەکانی پۆلیسی کەرکوکدان وفەرامۆش کردنی بەندی 58 ی یاسای کاتی بەڕێوبردنی عیراق و ئەو هەڵسوکەوتە تاکڕەویەی کەوەزیرەکانی کابینەکەی خۆی دەنگی ناڕەزاییان هەڵبڕی لەبەرامبەری هەمووی ئاماژە گەلێکن بۆسەرەڕۆیی ئەم توێژە سیاسیە شیعەی کە زیاتر بۆ ئۆپۆزسیۆنێکی شۆڕشگێڕ دەست ئەدەن تاوەکو بەرپرس وبەڕێوبەری دەوڵەت .گەر لەئاستی عیراقیش بەگشتی سەیری ڕفتارەکانی ئەم حکومەتە بکرێت هەر لەمەسەلەی خراپ بەکارهێنانی بڕیاری دروستکردنی کۆمیسیۆنی ڕیشە کێش کردنی گەندەڵی ئیداری و , گەڕکردن بەوەزیرەکانی حکومەتەکەی عەلاوی بەبێ هیچ بەڵگەیەکی یاسایی , نیشانە سەرەتاییەکانی هەڵەشەیی ئەم هێزە سیاسیانەمان بۆدەرئەکەوێت کەئەمڕۆ زۆرینەیەکی بەهەژمونن لەعیراقدا . بەڵام بەرچاو کردنی ئەو بێ ڕکابەریەی لە ئەمڕۆدا لیستی شیعەکانی دەست ئاوەڵا کردووە لەبەغداد نابێت ئەو هەڵوێستە ناسازانەیان سەیرو چاوەڕوان نەکراو بێت بەلامانەوە , چونکە ئەوان هیچ لایەکی تریان لەبەردەمدا نەماوەتەوە تاوەکو پاکسازی حساباتی خۆیانی لەگەڵ بکەن جگە لەکورد , بۆیە ئامادەیی کورد وەکو تاکە هێزی ڕکابەر لەگۆڕەپانەکەدا وای کردووە کورد ئەو دوژمنە ئایدۆلۆژیە بێت کەئەوان سەرگەرمی سیاسی خۆیانی پێوە خەریک بکەن . ئەم هێزانەیش وەک هەموو هێزێکی تری ئایدۆلۆژی بەبێ داتاشینی دوژمن ناتوانن پاساوی بونی خۆیان بێننەوە , مادام ئەوان هەبن پێویستە مەترسیەک ودوژمنێکیشیان هەبێت تائەوان لەدژیدا جیهاد بکەن , هەر بۆیە دەرچونی سونەکان لەبازنەی ململانێکاندا وای کردووە کورد تەنهابەرەی گرفتە سیاسیەکانیان بێت . ئەو دوڕدۆنگی وشپرزەییەی هەر لەدروستکردنی کابینەکەی جەعفەریەوە دەستی پێکرد نیشانی دا ئەمانە گونجاوی ئیدارەو بەڕێوە بردنی دەوڵەت نین (( ئەمە باوترین بۆچونێکە ئەمڕۆ لەشەقامی عیراقییدا هەمیشە ئەوتریتەوە )) . ئەگەر تۆزێک دورکەوینەوە لەم بۆچونە میلیەی خەڵکی عیراق و سەیری کردارە سیاسیەکانیان بکەین ناشارەزاییەکی زۆر بەبەرپرسەتازەکانی حکومەتی نوێ و بەتایبەتی وەزارەتی ناوخۆکەیانەوە ئەبینین , بۆنمونە ئەو شاڵاوەی کەبەناوی پرۆسەی تروسکە وە (( عملیه البرق)) دەستیان پێکرد کوت ومت وەک ڕەشبگیریەکانی ئەو سای بەعس دێتە بەرچاو . ڕاستە دڕندەیی تیرۆرستەکان هەمووسنورێکی بەزاندووە بەڵام ئەو 200 و 300 و 400 کەسەی ڕۆژانی سەرەتای پرۆسەکە لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە ئەیانوت گرتومانە بەڵگەی ئەوەیە ئەمانە هەموونوێژکەرێکی مزگەوتە سونیەکان و هەر گەنجێکی ڕیشداریان توش بوە گرتویانە ئەگینا کێ هەیە لەم جیهانەدا بڕوا بەگرتنی چوارسەد تیرۆریست بکات پێکەوە .!! زۆرسەیرە تائێستایش عەقڵیەتی سزادانی جەماوەری لەم وەزارەتەدا کاری پێئەکرێت .

لەهەر تێکچونێکی هاوسەنگی نێوان شیعەو سونەی عیراقدا ئۆتۆماتیکی کورد ئەکەوێتە بەرامبەر نەیارێک و ڕکابەرێکی بەهێز لەبەغداد , چەندە نەیارەکانی بەغدادیشی بەهێز بن مەترسی وهەڕەشەی سەر کوردو بەرژەوەندیە نیشتمانیەکانی زیاد ئەکات , ئەم ڕاستیە هەم بۆشیعەکان کەخاڵی بەهێزبونیان زیاترەو هەم بۆسونەکانیش کەلەخراپ ترین دۆخی سیاسیدا ئەژین بەهۆی ئەو سەرگەردانیەی کەناهێڵێت هیچ هێزێکی سیاسی تیایاندا فۆرمەلە ببێت هەر ڕاستە , لەڕوی چۆنایەتیەوە هەردوولایان وەکو یەک هەمان نەخۆشی دارزانی کۆمەڵگای مەدەنی , تەشەنە کردنی فەندەمینتالیزم , پاشەکشەکردنی دەرکەوتە کۆمەڵایەتیەکانی ژیانی مۆدێرن گیرۆدەی کردون , ئەمە بەجۆرێکە

دروستبونی هێزی سیاسی سیکۆلارو مەدەنی لەهەردوولاکەوە زۆرمەحاڵە .بەڵام لەڕوی توانایانەوە بۆ خۆڕێکخستن و بونی دەزگای سازکردنی سیاسی و جەماوەرییان جیاوازیان زۆرە . بۆنمونە :

1- شیعەکان چەند هێزێکی سیاسی ڕێکخراویان هەیە بەبنکەی جەماوەری بەرفراوانەوە کەلەهەمووکاتێکدا توانای نوێنەرایەتی کردنی شیعەی عیراقیان هەیە , بەپێچەوانەوە واقعی سیاسی سونەکان بەدەست جۆرێک پاشا گەردانیەوە ئەناڵێنێت و هیچ هێزێکیان نیە بتوانێت نوێنەرایەتی سیاسی کێشەکانیان بکات .

2- ئامادەیی ئایەتولاسیستانی وەک مەرجەعی باڵای ئاینی و ئەو ڕۆڵە کاریگەرەی مەرجەع لەناو شیعەکاندا هەیەتی بۆتە چەتری کۆکردنەوەی هەمووهێزە شیعیەکان و دەشێت فتوایەکی ببێتە هۆی سڕینەوەی هەر ناکۆکیەک کەلەناو هێزە سیاسیەکانیاندا هەبێت , هەر بۆیە ئامادەیی ناڕاستەو خۆی ئەم پیاوە لەگرفتە سیاسیەکاندا هەمیشە خاڵی یەکخستن وبەهێز کردنی شیعەکانە , بەڵام لەحاڵەتی سونەکاندا تائێستا سەرچاوەیەکی لەو جۆرە دروست نەبووە , لەبەر فشۆڵی ئەو کەسایەتیانەیش کەدەستەی زانایانی موسڵمانانیان پێک هێناوە مەحاڵە بتوانن ببنە سەرچاوەیەکی وەها بەهێز .

کەواتە ئەو مەترسیەی ئەمڕۆ هەیە مەترسی هەژمونی شیعەکانە , بەرامبەر مەترسیەکی وەهایش کورد ئەتوانێت وەک هەوڵی خۆپارێزی و بۆدۆزینەوەی ڕکابەرێکی تر بۆکێبەرکێکردنی شیعەکان هەموورێگەیەکی گونجاو بگرێتە بەر بۆئەوەی تۆزێک باری سەر شانی خۆی پیٚ سوک بکات , لێرە دا نەیاری مێژوویی و مەزهەبی ئەوان سونەکانە نەک کورد , برێکی زۆری ئەو ناسازیەی سیاسەتەکانی ئەمڕۆی سەرانی ئەنجومەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی وسەرۆک وەزیرانیش دەکرێت بگێڕرێتەوە بۆئەوەی کەئەوانە نەیارە ڕاستە قینەکانی خۆیانیان لەکۆڵ بوەتەوە بۆیە بەو جۆرە تەرکیزیان کردۆتە سەر کورد . ڕاستە هێزە تیرۆریست وشەڕکەرەکانی عیراق ئەمڕۆ لەهەمووکاتێکی تر زیاتر چالاکن بەڵام ئەوان کەوتونەتە پشتەوەی کەوالیسی ڕوداوەکان , ئەو کێشانەیش ئەمڕۆ عەمارحەکیم خۆی سور ئەکاتەوە لەسەری تازەنیەو بەرهەمی ئەمڕۆی تورەیی شیعەکان نیە , بەڵام گەر خەڵکێکی وەک حازم شەعلان بمایەتەوە لەگۆڕەپانەکەدا بێگومان هەموو هەوڵێکیان نەئەخستەگەڕ لەدژی کورد . ئەم پێشنهاتانە ئەگەر چی خوێندنەوەی هەمەلایەن و کارکردنی فرە ئاراستەی ئەوێت لەهەمووئاستەکانی گۆڕەپانی سیاسی عیراقدا , بەڵام یەک پێویستی جدی بەسەر کوردا ئەسەپێنێت ئەویش هاوکاری کردنی سونەکان و دەست گرتنی هێزە نیشتمانیەکانیانە بۆهەستانەوە بەڕوی هەڵەشەیی هێزە شیعەکاندا و لانی کەم بۆدابەشکردنی گۆڕەپانی سیاسی عیراق لەگەڵیانا . لەم بوارەشدا کورد دەزگاو بواری دبلۆماسی گرنگی لەبەردەستدایە گەر بیەوێت کەڵکی لێوەربگرێت .